هەڵبژاردەی نیشتمانی بۆ پلەی ٥٧ی ڕیزبەندی فیفا سەرکەوت



هەڵبژاردەی نیشتمانی تۆپی پێی عێراق، ئەمڕۆ هەینی، یەک پلە لە لیستی ڕیزبەندی مانگانەی یەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی پێ (FIFA) بۆ مانگی تشرینی یەکەمی ئێستا پێشکەوت و لە پلەی ٥٧ جێگیر بوو.

یەکێتی تۆپی پێی عێراق لە ڕاگەیەندراوەکەدا، باوێکردووە "بۆپلەی ڕیزبەندییەکەی یەکێتی نێودەوڵەتی (FIFA)، هەڵبژاردەی نیشتمانی لە پلەی (٥٧) جێگیر بووە بە کۆی (١٤٢٨.٦٩) خاڵ، بەمەش پلەی حەوتەمی خۆی لەسەر ئاستی کیشوەر پاراستووە."

ئاماژەی بۆدا کە "هەڵبژاردەکەمان دوای هەڵبژاردەکانی ژاپۆن، ئێران، کۆریای باشوور، ئوسترالیا، قەتەر، و ئۆزبەکستان دێت، و لە پێش هەڵبژاردەکانی سعوودیە، ئوردن، ئیمارات، و ئیندۆنیسیاوە."

هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراق پێشبڕکانی پاشکۆی ئاسیایی پاڵاوتنی گەیشتن بە مۆندیالی ٢٠٢٦ی بە بردنەوە لە ئیندۆنیسیا بە (١-٠) و یەکسانبوون بەرامبەر سعوودیە بە (٠-٠) کۆتایی پێهێنا.

لە ئێستادا دەکەوێتە قۆناغی پێنجەمی پێشبڕکانەوە، کە دوو یاری یەکلاکەرەوە بەرامبەر ئیمارات ئەنجام دەدات بۆ دیاریکردنی براوەی گەیشتوو بۆ پاشکۆی جیهانی. بەیارە یارییەکانیان بەرامبەر ئیمارات لە ڕۆژانی ١٣ و ١٨ی تشرینی دووەمی داهاتوو ئەنجام بدات.